شۆڕش

کۆمەڵە

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، زمارە (٥٢). نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی ١٣٨٤

No .(52) second half of February 2006

دوا ژمارەی شۆڕش

به چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارە، "شۆڕش" جێگای خۆی دەدا بە ڕۆژنامەیەکی دوو هەفتەنامە بەناوی "ئاسۆی ڕۆژهەڵات". خێرایی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە کوردستان، ئێران و ناوچەکە دەخوازێ بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک کە هیوادارین پاش ماوەیەک ببێتە هەفتەنامەیەک هەڵوێست و تێڕوانینەکانی کۆمەڵە نەتەنیا بڵاوبکاتەوە، بەڵکوو بتوانێ وەك ڕەوتێکی فیکری و سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەکەی کاریگەری تایبەت دابنێ.

"شۆڕش" لەماوەی دەوری دووهەمی پاش جیابوونەوە و هاتنە دەرێی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو بە تریبوونێك بۆ دەربڕینی بۆچوون و تێڕوانینەکانی کۆمەڵە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان کە بە ڕاستی دەورەیەکی هەستیارو پڕ گۆڕان بوو: شی کردنەوەی چۆنیەتی و پێویستی هاتنە دەرێی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کردنی فێدراڵیزم بە ستراتێژی بزووتنەوەی کوردستان، هەڵوێستی روون لە ئاست گۆڕانکارییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچەکە، کاریگەری دەسکەوتنەکانی کوردستانی باشوور لە سەر کوردستانی ئێران و پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ئەزموونە و....

یەکەم ژمارەی "ئاسۆی ڕۆژهەڵات" سەرەتای ساڵی هەتاوی بڵاو دەبێتەوە.

ڕۆژی کۆمەڵە لە پێشوازی بێ وێنەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستاندا



هەر لە گەڵ سەروبەندی هاتنی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی گیانبەخت کردنی ڕێبەرو دامەزرێنەر کاک حەمەحسێنی کەریمی و ڕۆژی ئاشکرا بوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان کوردستانی ئێران، هەڵسووڕاوان وچالاکانی کۆمەڵەو سەرجەم خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی شارو گوندەکانی کوردستان بۆ پێشوازی لەو ڕۆژەو بۆ شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای چەوساوەکان و بۆ زیندوو ڕاگرتن و بەخشینی گڕوتینی زیاتر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەستیان دایە کارێکی بەرینی ڕاگەیاندن. هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بە بڵاو کردنەوەی تراکت ونووسراوەکانی کۆمەڵە وبە شیرینی بڵاوکردنەوە لەسەر شەقامەکان و بەتایبەت لە نێو خزم ودۆستانی خۆیان و بە سەردانی بنەماڵەی گیانبەخت کردووان و بە ئاگر کردنەوە و هەڵکردنی ئاڵای کۆمەڵە لەسەر شاخەبەرزەکانی کوردستان گەرمیو ورەیەکی دیکەیان بەخشیە خەباتی چەوساوەکان لە کوردستان. خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە کاتێکدا بەو شێوە بەربڵاوە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرت کە بەکرێگیراوانی ڕژیم بە سەرجەم دام ودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیان لە زۆربەی شەقام وگەڕەکەکان هێزی خۆیان سازماندابوو تاکووبەو چەشنە بەر بە شاڵاوی کاری ڕاگەیاندنی هەڵسووڕاوانی تێکۆشەری کوردستان بگرن. بەڵام ورەی بەهێز و لە بن نەهاتووی چەوساوەکانی کوردستان بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان تا ڕژیمی ملهوڕو دڕندەی ویلایەتی فەقیه لە سەرکاربێ ئاڵای بێ بەشان و خەبات لە پێناو بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی خەڵکی کوردستان هەرشەکاوە ڕادەگرن.

سەروتار

وتاری هاوڕێ بارامی ڕەزایی به بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە

میوانانی خۆشەویست، هاوڕێیان
سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش:

لە لایەن خۆم ولەلایەن هەموو هاوڕێیانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم.

ڕۆژی کۆمەڵە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کۆمەڵە وڕێگای ڕزگاری بێبەشان ولەهەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە پێناوی کۆمەڵە وخەباتی ڕەوای گەلەکەیان بەشێك لە جەستەیان لەدەست داوەو لەهەموو کادر و ئەندام ولایەنگرانی کۆمەڵە لە سەرتاسەری کوردستان و لە دەرەوەی وڵات پیرۆزبێت.

جێی خۆیەتی کە ئەمڕۆ لێرەوەیادی کاك حەمە حسێنی کەریمی ڕێبەرو یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە وهەروەها هەموو هاوڕێیانی گیانبەخت کردووی ناو ڕیزەکانی پڕ لە شانازی بزووتنەوی شۆڕشگێڕانەی کوردستان ڕێز لێبگرین.

ئەمڕۆ لەحاڵێکدا بەرەورووی ڕۆژی کۆمەڵە دەبینەوە کە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی لە بەردەم ئاڵ وگۆڕی گەورە دا بەسەر دەبا. کۆماری ئیسلامی لەیەکێك لە قووڵترین ودژوارترین قەیرانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی بەسەردەبا. پاش ٢٦ساڵ لە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی، ئەم کۆمەڵگایە نوقمی هەژاری، بێکاری، ئیعتیاد، لەش فرۆشی، کڕین وفرۆشتنی کچانی کەم تەمەن، بوونی دەیان هەزار منداڵی سەرشەقام، قەیرانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی وکومەڵایەتییە.

پاش ٢٦ساڵ لە تەمەنی نگریسی ئەم ڕژیمە، کۆماری ئیسلامی هێشتا ڕژیمێکی نامۆ ونەخوازیارە بەسەر خەڵکدا. بەهاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد و کابینەکەی، کۆماری ئیسلامی زیاتر لەهەمیشە لەناوخۆ ولە ناوچەکەو لەجیهاندا کەوتۆتە پەراوێزەوە. هاتنی ئەحمەدی نژاد، ئەوسەرکۆمارەی کە لەم ماوەکەمەی دەسەڵاتیدا بووەتە جێگای سەرسووڕمانی بیروڕای گشتی جیهان و هەروەها جێگای گاڵتەجاڕی هەمووان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کۆماری ئیسلامی نە هیچ هیوایەکی بەداهاتووی خۆی هەیە ونەدەتوانێت قەیرانەکانی خۆی چارە سەربکات.

هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نژاد بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەنیشاندانی دوژمنی هەتا هەتایی لەگەڵ ئەم خەڵکەچەوساوە، جگە لەوەی ئەم ڕژیمە وڵامی داخوازییەکانی خەڵك بە کابینەیەکی نیزامی وپاسدار و جینایەتکار بداتەوە، مانایەکی دیکەی نییە. بەشی هەرە زۆری کابینەکەی ئەحمەدی نژاد تەنانەت بە شەخسی خۆشیەوە بە جینایەت ودژایەتی لەگەڵ بزووتنەوی ڕزگاری خوازی کوردستان پێگەیشتوون.

بەهەموو ئەمانەوە، کۆماری ئیسلامی لە گەڵ بزووتنەوەو جم وجۆڵی قووڵ وگەورەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی گەلانی ئێران، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و ڕاوەستاویی ڕووناکبیران ڕووبەڕووە.

خەباتی یەك ساڵی ڕابردووی کرێکارنی شیرکەتی واحید وبەتایبەت چەند حەوتووی ڕابردوو، خەباتی گەلانی ئێران، بزووتنەوەی هاوینی ٨٤ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بزووتنەوەو خۆپیشاندانی بەرین لە ئەهواز، خۆپیشاندانی ژنان، کۆمەڵێك خەباتی ڕۆژانەی خوێندکاران وڕووناکبیران وزیندانیانی سیاسی، نیشان دەدا کە کۆمەڵگای ئێران لەقووڵایی خۆیدا لە چ جۆش وخورۆشێکی جەماوەریی بەهێز دا بەسەر دەبا.

لەئاستی سەراسەری کۆمەڵە تێدەکۆشێ کە بەرەیەکی یەکگرتووی دیمۆکراسی خوازی لە هێزەچەپ ودیمۆکرات وپێشکەوتنخوازەکان پێك بێنێت. بەرەیەکی دیمۆکراسی خوازی کە بە بڕوای ئێمە دەتوانێت بنەماکانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیك نوێنەرایەتی بکات. جیایی دین لەدەوڵەت، مافی یەکسانی ژنان وپیاوان، ئازادی ڕادەربڕین وچاپەمەنی و زۆر شتی دیکەی لەوچەشنە، بەڵام بە بڕوای ئێمە خاڵی سەرەکی وپێش شەرتی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیك، ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵییە لە ئێران. دەبێت یەك جار بۆ هەمیشە بە تەمەرکوزی دەسەڵات لە ئێران کۆتایی بێت. هەر لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئێرانی داهاتوو، ...

ل٢

بەرەی کوردستانی و قسەیەکی ڕاشکاوانە
ئەنوەر محەمەدی ل٦

چەند ڕاگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان

کاریکاتێرەکەی دانیمارك و کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و...
شاهۆ کامیارانی ل٢

ڕۆژژمێری مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحدی ئوتووبوسرانی تاران
ئا/ جوامێر مارابی ل٨

هەواڵەکانی کوردستان و ئێران

ترساندنی خەڵکی کوردستان، هەڵپەرەستییەکی نەزۆك و بێئاکام
سالار پاشایی ل٥

گەندەڵی، لە بوودجەی ساڵی ١٣٨٥یشدا خۆی دەرخست
فەرامەرز سەجیم ل٩

ویلایەتی فەقیه خەتی سووری ئوستانداری کوردستانە
فەریبا محەمەدی ل٩

لاوان و قەیرانی دەسکردی دەسەڵات
ئەنوەر ئەسەد زادە ل١٠

گوزارشی بەڕێوەچوونی ڕۆژی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ل٧